www.kurdistannet.org
17-9-2007 20:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عزیز نە سین لە کوێ بێنم باس لە لە یلا زانا کەی ئۆسلۆ بکات .... ئەندامێکی هاوکاری.

24 رۆژ لەگەل شیلان مە لا عبدوالغنی سندی کاندیدی ژمارە43 لە لیستی پارتی چەپی نەرویجی بۆ کۆمۆنی ئۆسلۆ، پر بوو لە ژیری و هوشیاری بە مانا بەرزەکانی مرۆڤایەتی پر بوو لە سروشتی خۆرسك و نەخشی ئیبراهیم و موسا و عیسا و محمدی پێغەمبەری مرۆڤایەتی، هەلس و کەوتی رۆژانەی، ئەفلاتون و ئە رستۆ تالیس و سارتەر و نیتشێی ی بیر دەورو بەرە کە ی دەهێنایەوە، ئەو خۆی رۆژانە لە لەوحەکانی ڤان کوخ و مۆنێ و مانێ دە هاتەوە سەرزە مینی خواری مرۆڤایەتی، ئەو زۆر جار وێنە ی ژنە ئە نفالێك لە روخساری دەبینرا، ئەو زۆر جار بە دەنگی ئەحمەدی خانی وحاجی قادری کۆیی ئە فسانەو هۆنراوەی دەخوێندەوە، تەنانەت زۆربەی جار کۆپلەیەك بوو لە سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن و مۆسارت وشۆپان، ئە و وە ك بڵێی پالەوانی رۆمانی نوسەرەکانی ئەمریکای لاتین بوو، وات هەست دەکرد ئەوبەشێکی ژیانی لە جەزیرەکانی کاریبی بەسەر بردوە پێش ئەوەی لە شاخە سەربەرزەکانی هەندرێن و زۆزك و ماکۆك سە ر دەربێنێ، هۆنەرو ئەفسانەکانی ئەفریکا و ئاسیای بەزاحاوی مێشك دە دا، بروا نامەی بە پلەی ماستەری لە سیاسەتی نێو دەولەتی هە بوو، رەوەندی کوردلە ئۆسلۆ بە پەرۆشەوە لە بەر ئەو بەشداری هەلبژاردنەکان بوونو دەنگیان پێ دا دەنگیان تەنها بە ناوەکەی ئەو دا نە بە حیزبەکەکەی، کۆی دەنگەکانی لە کۆی دەنگی هەموو کاندیدە کوردە کوردەکان زیاتر بوو بەلام ئە وان بە وەرگرتنی دەنگی حیزبەکانیان زۆرێکیان کە هیچیان پێ نیە دەرچوون و بوون بە ئەندام ی ئەنجومەنی شارەکانیان بۆ ئەوەی سوود لە بێ تواناییان وەربگیرێ. لە بەد بە ختی کوردان ئەو دەرنە چوو بۆ ئەوەی توانای بە رزی هەر بە شاراوەیی بمێنێ وەك زۆربەی خەلکە بە تواناکانی تر. ، ، ، ، سستی کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیە کوردستانیە کان نە خشی بێ توانایی خۆیان لە سەر ئە و یش جێ هێشت.... .. ما لپەر و میدیاکان لە خزمەتی کاندیدە بێ تواناکان بوون

شیلان مە لا عبدوالغنی سندی دەرنەچوو.. لە یلا زانا کەی ئۆسلۆ دەرنەچوو.... لەدونیای جیهان گیری ئەمرۆ تا توانایەك سەرهەلبدات دەبێ ئەرزو ئاسمان لێك بدات... من عزیز نەسین لە کوێ بێنم لەکوێ بێنم ئاخر پێم نالێن لە کوێ

2007 .09 .16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.